# وەزارەتی کارەبای هەرێم لەسەر نەبوونی کارەبا راگەیەندراوەکی بڵاوکردەوە



وەزارەتی کارەبای هەرێم رایگەیاند، بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکییەوە، کوژانەوەی گشتی لە سیستەمی کارەبای هەرێم رووێداوە.

ئەمڕۆ هەینی پاش ئێوەی لە هەموو پارێزگاکانی هەرێم کارەبای نیشتمانی کوژایەوە وەزارەتی کارەبای هەرێم لە راگەیاندراوەکدا ئاماژەی بۆ کرد، بەهۆی گرفتێکی تەکنیکییەوە، کوژانەوەی گشتی لە سیستەمی کارەبای هەرێم رووێداوە و تیمەکانی وەزارەتی کارەبا سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکە و گەڕانەوەی کارەبای گشتین.

ئێوەشی خستووەتە روو، بەم زووانە کێشەی کوژانەوەی گشتی چارەسەر دەکرێت.

ئێوەشی خستووتە روو، دوێنێ ئێوارەکەی بەهۆی گرفتێکی تەکنیکییەوە، تەواوی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێم کوژانەوە و تیمەکانی وەزارەتی کارەبا کێشەکەیان چارەسەر کرد، بەڵام کاتژمێر ١ـی شەو بە جاری دووەم کوژانەوەی گشتی رووێداوە و لە ئێستادا سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکەن.

لە دوێنێ ئێوارەوە کارەبای نیشتمانی لە هەرێم کوژاوەتەوە و تاوەکو ئێستاش لە هیچ شوێنێکی هەرێم کارەبای نیشتیمانی نییە.